# ”دامەزراندنی بنەمایەکی ئۆنتۆلۆجی بۆ ڕەخنە“




■ ئا: ئەدەب و کولتوور

کتێبی (دامەزراندنی بنەمایەکی ئۆنتۆلۆجی بۆ ڕەخنە) کە لە نووسینی هەرێم عوسمانە و د.محەممەد کەمال پێشەکی بۆ نووسیوە، چاپ و بڵاوکرایەوە.

هەرێم عوسمان، لەبارەی ئەم کتێبە نوێیەی دەڵێت: ”ئەم بەرهەمە هەوڵێکە بۆ تێگەیشتن و خوێندنەوەی چەمکی ڕەخنەو بەتایبەت ڕەخنەی ئەدەبی کە لەبەر ڕۆشنایی ئۆنتۆلۆجی هایدیگەردا کارم لەسەر سێ کوچکەی نووسەر و تێکست و خوێنەر کردووە و وەک بنەمای ڕەخنە لێم ڕوانیوە، هەر لەم بنەما ئۆنتۆلۆجییەوە ڕەخنەی ئەو ڕێباز و میتۆدە ڕەخنەییانەم کردووە کە هەر یەکێکیان دەکەنە سەنتەر و پەیوەندی ئۆنتۆلۆجی تێکدەدەن، دیارە ئەمانەش لە چوارچێوەی ڕەخنەی ڕەخنەدا جێیان دەبێتەوە“.

دکتۆر محەممەد کەمال کە پێشەکی بۆ کتێبەکە نووسیوە، لە بەشێکی پێشەکییەکەدا دەڵێت: ”دوو خاڵی گرنگ هەن کە هەرێم لەم توێژینەوەیەدا ڕۆشنایی خستووەتە سەریان و هەوڵی شیکردنەوەیانی داوە. یەکەم، جیاکردنەوەی ڕەخنەی ڕەسەن لە ڕەخنەی نارەسەن. دووەم، سەبارەت بە ڕەخنەی کوردییە لەنێو دەرەوەی ئەکادیمیادا. جیاکردنەوەی دوو شێوازی ڕەخنە (ڕەسەن و نارەسەن) لەسەر بنەمای بیرکردنەوەی ئۆ نتۆ لۆ جیبا نەی هایدیگەر کارێکی دروستە“.

(دامەزراندنی بنەمایەکی ئۆنتۆلۆجی بۆ ڕەخنە) شەشەمین بەرهەمی نووسەرە و هەرێم عوسمان بە (ئەدەب و کولتووری ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە بەنیازە لە ماوەیەکی نزیکدا دوو بەرهەمی دیکەشی چاپ بکات، یەکێکیان نامەی ماستەرەکەیەتی لەبارەی (گۆران)ی شاعیر.

# ڕۆمانی نووسەرێکی کورد خەڵاتی یونسکۆ وەردەگرێ




■ ئا: کۆسار عوسمان

ڕێکخراوی یونسکۆی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان، خەڵاتی ”پەیوەندیی کولتوور و شارستانیەت“ دەداتە نووسەری کورد، جەمیل توران بازیدی.

جەمیل توران کە نووسەرێکی کوردی باکووری کوردستانە و لە یۆنان نیشتەجێیە، ڕۆژی 4ی ئابی 2018 لەلایەن یونسکۆوە خەڵات کرا. خەڵاتکردنەکەشی بەهۆی ڕۆمانێکی بوو بە ناوی ”ئازاد ناوی منە“.

ڕۆمانەکە باس لە ژیانی گەنجێک دەکات بەناوی ئازاد کە خەڵکی هەڵەبجەیە، دوای کیمیابارانکردنی شارەکە لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە، لەگەڵ خێزانەکەی ئاوارە دەبن و دەچنە ئێران. پاشان دەچنە تورکیا و دواتریش بەرەو یۆنان، بەڵام لە ڕێگەی یۆنان خانەوادەی ئازاد لێکدەترازێن، ئازاد دەگاتە یۆنان و دایک و باوک و خوشکە بچووکەکەی لەلایەن حکومەتی تورکیاوە دەستگیر دەکرێن و دەنێردرێنەوە بۆ عێراق.

کتێبی ”ئازاد ناوی منە“ 400 لاپەڕەیە، لە 2015 بە زمانی یۆنانی چاپ کراوە، وەرگێڕدراوەتە سەر زمانەکانی ئینگلیزی و ئیسپانیش. بازیدی دەڵێ لە تورکیاوە چەند جارێک هەوڵیانداوە کتێبەکە بکەنە کرمانجی، بەڵام هێشتا ئەنجامی نەبووە. ئەو بە (ڕووداو)ی گوت کە ڕۆمانەکەی ڕووداوێکی ڕاستەقینەیە و لە نزیکەوە قسەی لەگەڵ ئازاد کردووە. لەبارەی خەڵاتەکەشەوە گوتی: ”ئەو خەڵاتە موڵکی کورد و پێشمەرگەیە“.

جەمیل تووران بازیدی لە شارۆچکەی بازیدی سەر بە پارێزگای ئاگری لە باکووری کوردستان لەدایکبووە. لە کودەتاکەی ساڵی 1980 دەستگیرکراوە. پاش ئەوەی ئازادکراوە، بە ناچاری زێدی خۆی جێهێشتووە و 35 ساڵە لە یۆنان نیشتەجێیە، بازیدی ڕۆژنامەنووسێکی ناسراوی یۆنانە و لە وەزارەتی ڕاگەیاندنی ئەو وڵاتە کار دەکات. تاوەکو ئێستا 11 پەرتووکی بە زمانی یۆنانی نووسیوە.



# کۆنفرانسی موفتی پێنجوێنی لە پێنجوێن بەڕێوەدەچێت

■ ئا: سۆران بەهائەدین

بۆ یەکەمجار لە شارۆچکەی پێنجوێن کۆنفرانسێک لەسەر شاعیر موفتی پێنجوێنی بەڕێوەدەچێت. سەرۆکی لیژنەی ئامادەکاری کۆنفرانسەکەش دەڵێت "32 توێژینەوە بۆ کۆنفرانسەکە قبوڵ کراون".

کۆنفرانسەکە بە ناونیشانی (موفتی پێنجوێنی شاعیری هۆشیاربوونەوەو هەڵوێست) لەلایەن بەشی کوردی کۆلێژی زمانی زانکۆی سلێمانی ڕێکخراوە و لە ڕۆژانی 18 و 19ی ئابی 2018 لە شارۆچکەی پێنجوێن بەڕێوەدەچێ.

پ.ی.د. محەممەد ئەمین تاتانی، سەرۆکی لیژنەی ئامادەکاری کۆنفرانسەکە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "دوای هەڵسەنگاندن 32 توێژینەوە قبوڵ کران، ئەو توێژینەوانە لە زانکۆ جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان و ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئەوروپاوە نێردراون".

تاتانی کە خۆشی خەڵکی پێنجوێنە، دەڵێت: "ئەوە یەکەمجارە لە پێنجوێن کۆنفرانسێکی زانستی دەکرێ، هیچ پەیمانگە و لقی زانکۆیەکیش لەو شارۆچکەیەدا نییە، بۆیە ئەمە ڕووداوێکی گەورەیە بۆ پێنجوێن، موفتی بە زیندوویی و بە مردوویی منەوەرێکی گەورەیە بۆ پێنجوێن".

موفتی پێنجوێنی لەو شاعیرانەیە لە ڕووی لێکۆڵینەوەوە کەم بایەخی پێدراوە، تەنیا ئەمساڵ یەک نامەی ماستەری لەسەر نووسراوە. لەو کۆنفرانسەدا باسی زمانی شیعری، هونەری شیعری، چاکسازیی کۆمەڵایەتی و ئایینی و پرسی نیشتمان و خوێندن و زانست لە شیعرەکانی موفتیدا دەکرێ.

لەو کۆنفرانسەدا منداڵ و نەوەکانی موفتی ئامادە دەبن، ئەو کچەشی ئامادە دەبێت کە موفتی پێنجوێنی شیعری بۆ نووسیوە و یەکەم کچ بووە لە پێنجوێن نێردراوە بۆ قوتابخانە.

موفتی پێنجوێنی (1881 – 1952) مەلا عەبدوڵڵای کوڕی مەلا کەریمی بێستانەیە، لە گوندی بێستانە لە پێنجوێن لەدایکبووە، مەلای گەورە لە بیارە لەبەر زیرەکی نازناوی موفتی پێداوە، لەدوای خۆی دیوانێکی شیعری بەجێماوە.

# مەحوی و سێکوچکەی وجوود، تەریقەت و شەریعەت



**پێشەکی:**
لەم وتارەدا هەوڵ دراوە بە میتۆدێکی هیرمنۆتیکی تێگەیشتن و گێڕانەوەی مەحوی لەناو سێ ڕەهەند و جەمسەری بوون (وجوود)، تەریقەت و شەریعەت بە نموونەی دوو غەزەلی شاعیر لێکبدرێتەوە و دەرکەوتە و وتەزا (-cat egory)وردەکانی ئەم جەمسەرانە لەژێر ناوی عەشق، مەرگ، توانج و ڕەخنە و چەشنێک لە پووچی و هەستی ئابزوێرد (absurd) و بەتاڵی کە پەیوەستە بە ئامادەیی زەینی و دەروونیی مەحوی، لەناو دۆخێکی کۆمەڵایەتی و ئایینی و گۆڕانکاریی سەردەمی خۆیدا بخرێتە ڕوو.

**کلیل وشەکان: بوون، عەشق، تەریقەت، شەریعەت، مەرگ، شار، چۆڵەوانی**

عەشقی زەمینی و ئاسمانی لە نێوان تەریقەت و شەریعەتدا

**بەجێ نایێ، دەبێ ڕووکەینە سارا**
**حەقی ئادابی مەجنوونی لە شارا**

مەحوی لێرەدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە گەیشتن بە ڕاستەقینە و حەقیقەتی عیشق بە شێوازە مەجنوونییەکەی لەم هەلومەرجە نوێیەدا کە شار هاتووەتە ئاراوە، مومکین نییە و شوێنی ڕاستەقینەی عەشق سارا و چۆڵەوانییە و عەشقی مەجنوونی تەنیا لەوێ بەجێ دێ. لەم شابەیتەدا دەردەکەوێ کە مەحوی ڕۆحییەتی گۆشەگیری و کۆمەڵبێزیی تێدا زەق بووە و وەکوو تاکێکی گۆشەگیر حاشا لە شار و سیستەمە بەهاییە نوێکەی بەتایبەتی لە ڕووبەری عیشقدا دەکات.
لە درێژەدا هەر بەم ڕوانینەوە دەڵێت:

**نەگەیمە ئەو جوانە و گەییمە پیری**
**مەدەد یا پیری پیرانی بوخارا**
**لەبەر زار و نەزاری بوومە وەک پووش**
**دەئەمجا ڕابوێرە من بە زارا**

لێرەدا سیستەمی وێناکردن و تەجەسومی شاعیر شکڵ و هەیکەلەکەی دەگۆڕێت و وێنەیەکی زەمینی و ناسکباری جوان وەردەگرێت. بەردەنگی شاعیر لەم دوو بەیتەدا کچێکی جوانی مەغروور پڕکەماڵە کە زار و نەزاریی ئەو، واتە ئاخافتن یان نەئاخافتنی ئەو لەگەڵ یار!، "یار" تووشی نەزاری و نارەحەتی دەکات، "زار" لێرەدا دوو مانا دەدات کە یەکیان زمانە و ئەویدی ناخۆشی و دەردەدارییە، بۆیە شاعیر لە یار داواکارە با وەکوو پووشێک کە لە "بێ زاری/ بێزاری" و "نە زاری"ی ئەو وای لێ هاتووە، بیبات بە "زارا"، تاوەکوو لە زار و ناخۆشی و پەشێوی بکەوێت، ئەمە جگە لەوەیە کە لەبەیتی یەکەمدا شاعیر دەستی نزا و پاڕانەوە بۆ پیری پیرانی بوخارا، واتە بەهائەدین محەممەد کە بە شاهی نەقشبەند لە تەریقەتی نەقشبەندیدا ناسراوە، بەرز دەکاتەوە و نەگەیشتن بەو جوانە و پیربوونی لە داخی ئەم نەگەیشتنە، دەیخاتەوە یادی پیری پیرانی بوخارا و ڕەنگە وای بیرکردبێتەوە کە ئەگەرچی من لەڕێی نەگەیشتن بە کچێکی پڕکەماڵی مەغروورردا پیر بووم و خەفەت پیرانەسەری کردم، با خۆم بگوازمەوە بۆ شێوازی عیرفانیی پیری بوخارا بەڵکوو کە لە ئەم بووم، لە ئەو نەبم! واتە پرۆسەیەک لە دیهاوێژی (-pro jection) لە ساحەی سایکۆلۆژییەتی شاعیر گریمانە دەکرێت.

عادل قادری



لە درێژەی ئەم غەزەلەدا مەحوی دەڵێت:
**وەرە دەستێ بە خوێنم کە نیگارین**
**خوێنی من حەڵاڵت بێ نیگارا!**
**زوو ئەو شۆخە لە عاشق وەردەچەرخێ**
**لەگەڵ کەس، چەرخە ئەو، ناکا مودارا**
...
...
**کە شک بەم ((مەحویا)) هەر شەربەتی مەرگ**
**لەسەر ئەرزا نییە ئاوی گەوارا**

مانا و ناوەڕۆکی ئەم غەزەلەی مەحوی لە سێ جەمسەر یان گۆشەی مانایی پێکەوە تەنراوە. عەشق، تەریقەت و توێژێک لە فەلسەفە کە لە نێوان تەریقەت و فەلسەفەدا پارچە و بەش کراوە. جەمسەری تەریقەت خاڵ و بازگەی فڕین و ئازادبوونی مەحوییە لە ئایدیۆلۆژیی دین بە واتا شەریعەتییەکەی. شاعیر لە بەیتەکانی سێ و شەش بە ئاماژە بە دوو چەمک و سیمبۆلی ناو جیهانی عیرفان، واتە حەق یان حەقیقەت و "حاڵ"، جەمسەری تەریقەت لە دوو جەمسەرەکەی تر، واتە عەشق و فەلسەفە جودا دەکاتەوە. باقی بەیتەکانی تری ئەم غەزەلە جگە لە بەیتی ئاخر کە دواتر دێمە سەری، هەمووی تێم و مانا و هێمای عاشقانەیە و بە پێکهات و زمانێک کە تەنها تایبەت بە حەزرەتی مەحوییە، هۆنراوەتەوە. دوو بەیتی زەقی ئەم عیشقە ئەفلاتوونییە لەم غەزەلەدا ئەمەیە:

**وەرە دەستێ بە خوێنم کە نیگارین**
**خوێنی من حەڵاڵت بێ، نیگارا!**
**زوو ئەو شۆخە لە عاشق وەردەچەرخێ**
**لەگەڵ کەس، چەرخە ئەو، ناکا مودارا**

لێرەدا کە شاعیر بێ وەفایی و ڕامنەکردەیی و لەهەمانکاتدا فرەڕەنگی و چەند ڕوو بوون و پردەمامکبوونی یار لەپاڵ شۆخ و شەنگیی یاردا باس دەکات، ئەو باسی زام و برینێکی "قووڵی خۆش" دەکات! واتە دەڵێ یار ئەگەرچی وەکوو چەرخی گەردوون یان هەر چەرخێکی ترە و بەکەس و بۆ کەس ڕام و کەوی نابێت و مودارا لەگەڵ کەس ناکات، بەڵام ئەم نامودارایی و یاخیزەدەگییەی بە هۆی شۆخییەکەیەتی، بەهۆی جوانییەکەیەتی، لە ڕاستیدا ئەمە دەرخەری ئەوەشە کە مەحوی ئاگاداری فولکلۆر و سامانی بەکۆمەڵ و مەعریفەی کۆیی نەتەوەکەی بووە. لە سەرتاپای فۆلکلۆری کوردیدا یاری شۆخ و شەنگ یەکێک لە وێنەکانی ئەوەیە کە بێ وەفا و زاڵمە و بە چارەنووسی عاشق کایە دەکات، لە فۆلکلۆری کوردیدا یەکێک لە وێنە زەقەکانی یار ئەوەیە کە بەو شۆخ و شەنگی و جوانییەیەوە دەبێتە هۆی عەشق و عاشقبوونی ئەوانی دی، بەڵام خۆی عاشق نابێت، یان لانیکەم عەشقەکەی ناخاتە ڕوو!

یان لە بەیتی دواییدا دەڵێت:
**موژەی خوێنێ دەکا هەر لەحزە، سەیرە!**
**ئەمەندە گوڵ لە بن یەک نووکە خارا**

ئەم بەیتەش هەر درێژەی ئەو تێم و ناوەڕۆکەیە کە لەسەرەوە باسم کرد و ئەو پێوەندییەی بە سامانی فۆلکلۆری کوردییەوە دیار و زەقترە. واتە یار وەڵامی ئەڤینداران و عاشقانی گوڵ وێنەی خۆی بە تیژییەکی وەکوو "دڕک" دەداتەوە و چەندەها تەرمی گولاڵەی لەبەردەم و پێش بەژنی مەغروور و یاخیی خۆی خستووە.
لە دوابەیتی ئەم غەزەڵەی حەزرەتی مەحویدا چەشنێک لە تووڕەیی و یاخیبوونی فەلسەفی لە هەمبەر کۆی ئەو چەمک و مانا سیمبۆلییانە کە لە بەیتەکانی پێشوویدا باسم کرد، بەدی دەکرێ. ڕۆحانەتی ڕاوی کە ناوی مەحوی بێت، بەهۆی شکان و دارزان و مەحوبوونی بەردەوام لە نێوان تەلبەندە مانایی و چەمکییەکانی وەک عەشق، حەق، حاڵ، شۆخ، گوڵ، خوێن، چەرخ، مەجنوون، سارا و هتد تووشی جۆرێک لە بنبەستی وجوودی لە قەوارەی میتافیزیکە ئایینییەکە دەبێت و بەم شێوازە بیچمبەندی و تێۆریزەی دەکات.

**کە شک بەم ((مەحویا)) هەر شەربەتی مەرگ**
**لەسەر ئەرزا نییە ئاوی گەوارا**

ماناکەی ئەوەمان پێدەڵێت کە: گێڕەرەوە وەکوو ئەوەی لە بنبەستێکی وجوودی کەوتبێت، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە بەردەوام و "هەر" لەگەڵ مەرگ ڕووبەڕوو دەبێتەوە و مەرگ تەنها وەکوو شەربەتێک کە "هەر" دەیدۆزێتەوە و هەر ئەوی پێ شک دێت، بێ ئەوەی بمرێت، وێنا دەکات؛ واتە ئەم مەرگەی مەحوی باسی دەکات مەرگ و مردنێکی باو و بەرهەست (ئۆبژەکتیڤ) نییە، بەڵکوو شێوازە ڕەنج و زام و زووخێکە کە تایبەتمەندیی جیهانی زەمینی و ماتریاڵ، واتە بەرهەست و عەینییە، ئەم مانایە لە بەشی دووەمی بەیتەکە، واتە میسرەعی دووەمدا زۆر باشتر ڕوون دەبێتەوە، دەڵێت با وجوودی ئەوەی هەر شەربەتی مەرگێک کە نامرێنێت دەستدەکەوێت، دەگەم بەو ئاکامە کە هەتاوەکوو لەم جیهانە، واتە ئەو جیهانەی هەنووکە لە بازنە و پێکهاتی مەعریفەتی منە بژیم، ئاوی گەوارا و نۆشخۆریی ئارامش پەیدا نابێت، ئەم تێمە لە میتافیزیکی مەسیحیدا لەژێر ناوی "بوون ڕەنجە"، شوێنپێی تاوەکوو فەلسەفەی هاوچەرخیش هاتووە.
هەر وەکوو لە شیکاری و خوێندنەوەی ئەم غەزەلەی مەحویدا دەرکەوت، کەڵکەڵە و خەمی ڕاستەقینەی مەحوی جوانکاری و خەملاندنی ئیستاتیکیانەی مانا بوو. ئەگەرچی سەردەمی مەحوی بە ڕادە و ئاستی خۆی خاوەنی شەڕوشۆڕ و بگرەوبەردەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و تاقم و توێژخوازیی تایبەت بە خۆی بوو. ڕۆژگاری مەحوی شەڕ و ململانێی نێوان دوو ڕێبازی تەریقەتی نەقشبەندی و قادری بوو، لەم نێوانەدا ڕێبازی نەقشبەندی بە گۆڕانخواز و خۆنەگرتوو لە هەمبەر بەها تازەکان و چەشنێ لە مۆدێرنیزم دادەنرا و ڕێبازی قادری ئەمەیان دەکردە مۆرکێکی ناڕەسەن و بەسەریانەوە دەنان، بەڵام مەحوی نەکەوتە داوی ئایدیۆلۆژیی ڕەهای هیچکام لەم دەستەبەندی و پۆلێنکارییانەوە. ئەگەرچی پاش ئەوەی لەسەفەری حەج ڕۆیشت بۆ ئەستەنبوڵ و لەوێ لەڕێگەی پیاوانی کوردی خاوەن پێگە و نفوزەوە، سوڵتان عەبدولحەمیدی عوسمانیی بینی و سوڵتان وەکوو ئاکاری باوی خەلیفە خزمەتی کرد و دەستی لەهەمبەریدا کردەوە و خانەقایەکیشی بۆ کردەوە، بەڵام هەمدیس سەربەخۆیی و جوانپەرستیی خۆی لە کیس نەدا

---

# گەشەی ئەدەبی چییە؟

حەمە مەنتک



زاراوەی (گەشەکردن) لە سەدەی نۆزدەوە یەکێکە لە باوترین زاراوەکان، مێژووی پەیدابوونیشی هەر بۆ ئەو سەدەیە دەگەڕێتەوە. سەدەی نۆزدە سەدەی گۆڕانکارییە گەورەکان بوو، هەر لەو سەدەیەدا چەندین تیۆر و تیز لە کۆی بوارەکان پەیدابوون. ئەم چەمکە لە بنەڕەتدا درێژکراوەی چەمکی (پێشکەوتن)ە کە لە سەدەی هەژدەوە دێتە بەرباس. بۆیەش چەمکی (گەشەکردن) بە فراوانی بڵاودەبێتەوە، تەنانەت "لەناو هەموو زانستێکدا، لەناو هەر لقێک لە لقەکانی توێژینەوە خۆی دەگونجێنێت". [مونرو،1971، لا 15] . لەو سەدەیەوە گەشەکردن و پێشکەوتن لە زانستە مرۆڤایەتییەکان و بوارە زانستییەکانی دیکەدا ڕوویدا و عەقڵی مرۆڤ، کۆمەڵ، ڕۆشنبیری و هونەر گەشەیان کرد. هەردوو چەمکی (گەشەکردن) و (پێشکەوتن) واتای گۆڕانکاری دەگەیەنن، بەڵام جیاوازیش لە نێوانیاندا هەیە. "گەشەکردن واتای گۆڕان دەگەیەنێت، بەڵام پێشکەوتن واتای گۆڕانکاری بۆ باشتر دەدات". [تلیمە، 1976، لا 125] لێرەوە دەمانەوێ گەشەکردنی ئەدەبی بەرباس بدەین.
لە ڕەخنەی یۆنانی کۆندا بۆ نموونە لە کن (ئەرەستۆ) ڕۆڵێکی گرینگ لە ئاراستەکردنی ئەدەبی یۆنانی دەبینێت، ئەم کاریگەرییە درێژەی دەبێت بۆ گەشەکردنی ئەدەبی کلاسیکی. پاش ئەدەبی کلاسیکی چەمکێکی گرینگ دێتە ناوەوە ئەویش چەمکی (ململانێ)یە. ململانێی نێوان نەوەی کۆن و نوێ. لەمەشدا ئەدەبی ڕۆمانسی دێتە پێشەوە. کەواتە ململانێیش یەکێکە لە گرینگترین بابەتەکانی فیکری مرۆڤایەتی. ئاشکرایە لە هەموو سەردەمێکدا دوو نەوە پەیدا دەبن و دەکەونە ململانێ. هەمیشە نەوەی تازە داوای گۆڕانکاری دەکات، نەوەی کۆنیش دەیەوێ پارێزگاری لە هەموو بەهاکانی خۆی بکات. کەواتە چەمکی گەشەی ئەدەبی وەکوو یەکێک لە چەمکەکانی گەشەکردنی کۆی بوارەکانی ژیان لە سەدەی نۆزدەدا پەیدا دەبێت، وەکوو بەشێک لە گەشەی مێژوو، فەلسەفە...تاد.
هێندێک لە فەیلەسووفان و نووسەران لە ڕوانگەیەکی مێژووییەوە لە گەشەی ئەدەبی دەڕوانن. ئەوان هێندێ ڕێسای تایبەت و گشتییان بۆ چەمکی گەشە دانا، بۆ نموونە ئەوان فیکریان بە فیکر ڕاڤە دەکرد. نموونەی ئەو فەیلەسووفانە (هیگڵ) و (جۆرج فیلهڵم فردریک) بوون. بە بڕوای (هیگڵ) لە هەموو شتێکدا پرۆسێسی گەشەکردن هەیە. هاوکات ڕووحیش بە بنەڕەت و گەوهەری بوون دادەنێت، بەوەی ڕووح خۆی دەخزێنێتە ناو دیاردە و شێوە هەستەکییەکان، لەو شێوانەیش هونەر و ئەدەب هەن. ئەم فەیلەسووفە تیۆرییە مێژووییەکەی لەبارەی گەشەکردنەوە لەسەر ئەدەب پراکتیک کرد، بەڵام بە شێوەیەک کۆمەڵێ کێماسی لێکەوتەوە. یەکێک لەو کێماسیانە، تیۆرەکەی شێوەیەکی گشتگیرانەی هەبوو. "بە شێوەیەک هەموو تایبەتمەندییەکی ئەدەبی نەتەوەیی ڕەت دەکردەوە". [بوزونیە، 1979، لا 18] ئەگەر (هیگڵ) لە ڕوانگەیەکی فەلسەفییەوە لە گەشەی ئەدەبی دەڕوانی، ئەوا ڕەخنەگرانی دوای ئەو لەسەر بنەمای تیۆرەکەی (داروین) لە گەشەی ئەدبییان دەڕوانی. یەکێک لە ڕابەرانی ئەم تێڕوانینە (فێردیناند برونتییەر) بوو. ئەو تیۆرەکەی (داروین) لەسەر ئەدەب پراکتیک دەکات. بە بڕوای ئەو ژانرە ئەدەبییەکان بوونەوەری زیندوو و گەشەکردوون، وەک چۆن مەیموون بۆ مرۆڤ پەرەی سەندووە، ئەدەبیش لە هونەرێکەوە بۆ هونەرێکی دیکە پەرەی سەندووە. هاوکات ئەدەبیات بۆ چەند ژانرێک و دەستەیەکی ئەدەبی دابەش بووە، وەکو بوونەوەرە زیندووەکان. ئەوان گەشە دەکەن و زۆر دەبن و پەرەدەسێنن. ئەم پەرەسەندنە لە فۆرمێکی سادەوە بۆ فۆرمی ئاڵۆزە، بەڵام (ڕێنیە ویلک و ئۆستین وارن) ڕەخنە لەم تێڕوانینە دەگرن. ئەوان دەڵێن: "لەسەرمانە ئەوە ڕەت بکەینەوە کە هاوشێوەیەکی بایۆلۆجی لەنێوان گەشەی ئەدەب و پرۆسێسەیەکی داخراوی پەرەسەندن لە لەدایکبوونەوە تا مردن هەبێت". [ویلک و وارن، 1987، لا 271] . ئەوان ڕەخنەی ئەوە دەگرن کە ئەم تێڕوانینەی (برونتییەر) لەسەر بنەمای وێکچوون لەنێوان ژیانی مرۆڤ و جۆرەکانی ئەدەب دامەزراوە. ئەمەیش وێکچوونێکی هەڵەیە.
یەکێکی دیکە لە تیۆرەکان لەبارەی گەشەکردنەوە، تیۆرەکەی (تین- Taine)ە. ئەم تیۆرە پێداگری لەسەر فەلسەفەی ئەزموونی دەکاتەوە، لەو چوارچێوەیدا ڕاڤەیەکی جوایەز بۆ دیاردە (فینۆمینۆ) دەکرێت. ئەم تیۆریزانە هۆکاری جیاوازیی بەرهەمی ئەدەبی و هونەری بۆ سێ شت دەگەڕێنێتەوە:
1. ڕەگەز: ئەو خاسیەتە زگماکییە بۆ ماوەییە هاوبەشانەی لەنێوان تاکەکانی میللەتێکدا هەن.
2. ژینگە و شوێن: ڕەنگدانەوەی فەزای جوگرافی و بارودۆخی کۆمەڵایەتی لەسەر دەقە ئەدەبییەکان.
3. سەردەم: هەموو بارودۆخە سیاسی و ڕۆشنبیری و ئایینییەکان لەسەر دەقی ئەدەبی دەگرێتەوە. هەموو ئەمانە دەبنە هۆکاری جوایەزی ئەدەبی نەتەوەیەک لەگەڵ نەتەوەیەکی دیکە، بۆ نموونە ئەدەبی کوردی بەم هۆکارانەی سەرەوە (بەپێی تێڕوانینی تین) لە ئەدەبیاتی عەرەبی جوایەزە. کورد لەڕووی ڕەگەزەوە سەر بە هێندۆ ئێرانییە، بەڵام عەرەبەکان عیبرین. ژینگەی کوردستان پتر ناوچەیەکی شاخاوییە، بەڵام ژینگەی عەرەبی بیابانە. ئەمانە وا دەکەن ئەدەبی کوردی لە ئەدەبی عەرەبی جوایەز بێت. ئەم تیۆریزانە ئەم ڕەڤەیە بەسەر گەشەی ئەدەبیدا دەسەپێنێت. بەڵام تیۆرەکەی هیچ ئاماژەیەک، هیچ پێگەیەک بۆ مێژووی ئەدەبی دانانێت. هەر ئەزموونی نووسەران ئەوەی سەلماندووە، زۆر نووسەر هەن پێش سەردەمەکەیان دەکەون، ئەم نووسەرانە ناچنە ناو تیۆرەکەی ئەم تیۆریزانەوە.
هەرچی لایەنگرانی تیۆری (گوزارشتی)یە، تێڕوانینێکی تایبەتیان بۆ گەشەی ئەدەبی هەیە. بە بڕوای ئەوان "هەموو ئەوەی دەبێتە بنەڕەت بۆ هونەر و ئەدەب کۆکردنەوەی نییە، بەڵکوو داهێنان و ئافراندنی تایبەتە". [مونرو، 1971،لا 79] کەواتە نووسەر تەواو پشت بە ئەزموون و بەهرەی خۆی



و سەربەستی و گۆشەنشینی و تاکگەرێتی خۆی لەهەناوی دەقی شیعرەکانیدا خستە روو، دواجار ئێمە وەکوو شاعیرێکی جوانیناس دەیناسین نەک شاعرێک سەر بە فلان تاقم و بەرە و گرووپ و لایەنی سیاسی یان کۆمەڵایەتی و دینی و ئایدیۆلۆژی. تەنانەت ئەوانەش وا لەم فۆرمە جوانیناسانە و جوانپەرستانەی مەحوی وەکوو رێبازێکی ئازاد و واڵا لایانداوە، لەژێر ناوی واعیز، شێخ، سۆفی و زاهید خراونەتە بەر تیغ و شەپی رەخنە و پلاری مەحوییەوە. بۆیە لە شیعری مەحویدا ئەم چوار کارەکتەرە کە نوێنەری چوار گرووپی لایەنگر و ئایدیۆلۆژیکن، جاروبار باسیان هاتووە و دەمامکی لەسەر روخساری نادیار و فرەڕەنگیان هەڵماڵیوە و ناساندوونی. شاعیر لە شیعرەکانیدا هەر کام لەمانە بەجیا لەسەر تایەکی تەرازوو دادەنێ و لە تایەکەی تریشدا جوانی، جوانپەرستی، هێما و نیشانەکانی جوانی دادەنێ و قورسایی جوانیناسانەکە بەڕادەیەکە کە ئەم کارەکتەرانە لەسەر تای تەرازووەکە وا تووڕ دەدا، ناسینەوەیان بە تورە و دەستاڕ و سەرپێچەکانیان وەکوو جاری یەکەم سەخت و ئەستەمە. بۆ نموونە لەم دوو بەیتەی غەزەلێکیدا دەڵێت:

**واعیزم پرسی: یەکێ شۆخانە جوابی دامەوە:**
**وەعزی چی؟! سەرلنگە دەستاڕێ کرەی دەستاڕێ هات**

واتە هەواڵی واعیز یان ئامۆژگاریکەرم پرسی، کەچی یەکێک بە شۆخی و گاڵتە و لاقرتییەوە وەڵامی دامەوە کە وەعز و ئامۆژگاری چی و باسی چی دەکەی؟! دەم و زمانی واعیز وەکوو لنگە دەستاڕێکە، کاتێ قسە دەکات، قسەکانی باش باش وردنابێت و شی ناکرێتەوە، چوون تەنها لە یەک لنگی دەستاڕەکە کەڵک وەردەگرێت، بۆیە کرەی دێت و بەگوێی گوێگران گران دێت، بەگشتی واتە واعیز بە لادەم و لنگەدەستاڕێ وەک دەڵێن قسەکەی ناهەجوێت و هەر لە پرێکدا دەیتەقێنێت.

یان لە بەیتێکی دیکەدا دەڵێت:

**شێخ و توڕڕەی مێزەر و نەقڵ و نوقولی هیچ و پووچ**
**من بە توڕڕەی یار ئەسیرم ئەو بە کۆلێ توڕڕەهات**

لێرەدا هەر وەکوو لەسەرەوە ئاماژەم بۆ کرد، مەحوی شێخیش وەکوو دەستەیەک لەو تاقمانەی کە باسم کرد، دەداتە بەر پلار و رەخنە و رووکاربینی و زاهیرپەرستییەکەی جاڕ دەدات و دەڵێ: شێخ و پێچی مێزەرەکەی و قسەی هیچ و پووچی ئامادەن، بەڵام من لەباتی ئەوەی گیرۆدە و گوێقوڵاخی ئەو نەقڵ و قسە پووچانە بم، ملکەچ و ئەسیر و فەرمانبەری "توڕڕە" و ئاڵۆزکاویی زوڵفی یارم کە لە بەیان و راستبێژیدا پڕ و پەیمانە و شێخ و دەرکەوتەکانی ناگەنە باڵا و ئاڵاوواڵاییەکەی. توڕڕە لێرەدا سێ جار بەکارهاتووە کە هەر کامەیان مانای جیاواز و سەربەخۆی هەیە، توڕڕەی یەکەم بەواتای پێچ و خێچیی مێزەری شێخە، توڕڕەی دووەم بە واتای ئاڵۆزکاوی و لوولبوونی زوڵفی یارە و توڕڕەی سێیەم بە واتای قسەی پووچ و بێ سەروبەر.

لێرەدا دەرکەوتن و ئامادەگی روانگەی کۆمەڵایەتی و هەندێ رووکار و توێژی عاشقانەی جیهانی مەحوی کە تێکەڵاوییەکی زەقی لەگەڵ عیرفاندا هەبوو، باس کران.

لە درێژەدا نموونەی غەزەلێکی شاعیر دێنمەوە کە تێیدا عەشق بەسەر عیرفاندا زاڵ بووە و رێگەش بۆ هەندێک تێرمی فەلسەفی سەرووی عەشق خۆش کراوە.

**سەرکەوتنی عیشق و فەلسەفە بەسەر عیرفان و دین، یان تەریقەت و شەریعەتدا**

**دەوری هەر چاوێکی ئەمرۆ داوە سەد فەوجی بەلا**
**دین و دڵ یەغما دەکەن، چاری کەن ئەی شێخ و مەلا**

واتە: بە دەوری چاوی یاردا سەد فەوج و پۆل لە دەرد و بەلا دەسووڕێنەوە، ئەی یارپەرستان ئاگاداربن لەو سەد پۆلە بەڵایەی چاوی یار بێگومان هەر بەرتان دەکەوێ. دین کە هێمای شەریعەتە و دڵ کە هێمای تەریقەتە، لێرەدا عیشق تاڵان دەکەن، ئادەی دڵپەرست، واتە جەنابی شێخ و، ئادەی دیندار، ئەی جەنابی مەلا رێگە لەم تاڵانکارییە بگرن کە بە سەد فەوجی بەلاوە لە چاوی لەبننەهاتووی یارەوە سەرچاوەی گرتووە. وەک دەبینرێت لەم بەیتەدا دین و دڵ کە لەگەڵ شێخ و مەلادا لەف و نەشری شێواو یان موشەوەش پێکدێنن، لەژێر باڵی هێرشی فەوجەکانی عەشقی چاوی یاردا بە تاڵان چوون. لەم بەیتەدا عەشقی رووت زاڵە. رووت بە دوو مانا!

یان:

**وەسیەتی مەجنوونە: هەر کەس دەردی دنیا عارە بۆی**
**خۆ بکا وەک من بەدەردی عیشقی یارێ موبتەلا**

ئەم بەیتەش وەکوو ئەوەی کە بەرئەنجامی ململانێ و شەڕەشەقی گرووپ و توخمەکانی ناو بەیتی پێشتر واتە دین و دڵ، شێخ و مەلا، سەد فەوجی بەلا بێت، ئەنجامگیری و تێزێکی ئۆنتۆلۆژیکاڵ یان بووناسانەمان لە کلاوڕۆچنە و رێڕەوی عیشقدا ئاراستە دەکات. مەحوی لەم بەیتەدا دەڵێ: وەسییەتی مەجنوون کە بە عاشقێکی شێت ناوی زڕاوە، لەڕاستیدا ئەوە بوو کە گەر باری وجوود و بوون بەسەرتانەوە قورس بوو، دەردی دونیاتان پێ تەحەمول نەکرا و هەرزەیی و پووچیی دونیا لاتان وەها دەرکەوت کە کێشانی باری دەردەکەی بۆتان عار و نەکراوە بوو، رێگەچارەی باش ئەوەیە لەڕێگەی عاشقبوون بە یارێکەوە و گیرۆدەبوونی بە دەردی عیشقییەوە خۆت گۆڵ بدەی و بخافڵێنی. واتە عەشق جەوهەر و زێڕێکی رەسەن نییە، بەڵکوو رەسەنایەتییەکە لێرەدا سەر بە دەرد و رەنجی "بوون" و دونیایە کە لە رێگەی عەشقەوە دەشێت تەسکین بدرێ و فەرامۆش بکرێت. واتە یار لێرەدا نە بوتە و نە قیبلە و نە سەنەم، بەڵکوو دەرمانێک و رێگەی دەربازبوونێکە. بە وتە خۆمانییەکەی عەشق و یار لێرەدا زەنگی تەفریح و پشوودانێکن کە زۆر دەخایەنێت. هەر وەکوو لەسەرەوە باسمکرد، ئەم بەیتە هەڵگری لایەنێکی بووناسانەیە. لە راستیدا ئەم راڤە و تەئویلەی مەحوی بۆ عەشق و سامان و میراسی مەجنوون لە هەموو شاعیرانی سەردەمی خۆی رچەشکێنانەتر و تازەترە، بۆیە ئەم غەزەلەی مەحوی کە پێکهاتووە لە حەوت بەیت، بە یەکێک لە شاغەزەلەکانی دەزانم و ئەم دوو بەیتەشی بە ئەنگوستیلەی نقێمداری دەستەکانی ئەم شاغەزەلە.

**◘ دیوانی مەحوی، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی: مەلاعەبدولکەریمی مودەڕیس و موحەممەدی مەلاکەریم. ئینتشاراتی کوردوستان، ساڵی چاپ 1379**

---

دەبەستێت. هەرچەندە نووسەر ناتوانێت خۆی لە ڕابردوو دابرێت، بەڵام تەواو دەسکاری ڕابردوو دەکات، بۆ ئەوەی شتی نوێ بئافرێنێت. هەرچەندە لێرەدا نابێت ڕۆڵی دەقئاوێزان لەبیر بکەین، بەڵام کاریگەرییەکان لەسەر نووسەر بە شێوەیەکی لەخۆوە بووە. بۆیەش هەموو دەقێک سیما و تایبەتمەندی نووسەری پێوە دیارە، بەمەیش نووسەر هەمیشە بە داهێنانی دەقی نوێ بەشداری لە گەشەی ئەدەبیدا دەکات.

تیۆری (ڕەنگدانەوە) ڕاڤەیەکی جوایەز بۆ گەشەی ئەدەبی دەکات. ڕاڤەی ئەم تیۆرە بۆ ئەدەب و گەشە و گەوهەرەکەی پەنا بۆ فەلسەفەی مارکسی و واقیعەتی مادی دەبەن. ئەوان پەیدابوونی ژانرە ئەدەبییەکان لە بنەڕەتدا بۆ پێویستی جوانیناسانەی کۆمەڵایەتی دەگەڕێننەوە. کەواتە پێشکەوتن و گەشەکردنی کۆمەڵایەتی ڕەنگدانەوەی لەسەر گەشەی ئەدەبی دەبێت. هەر گۆڕانێک لە کۆمەڵدا ڕوو بدات، ڕاستەوخۆ گۆڕانکاری لەسەر ئەدەب دەبێت، هەر دواکەوتنێکیش لە کۆمەڵدا ڕووبدات ئەدەبیش دوا دەکەوێت.

ئەدەب و گەشەکردنەکەی هێندێ ڕێسای گشتییان هەیە، دەکرێ گرینگترین ڕێساکانی گەشەی ئەدەبی لەم خاڵانەی خوارەوەدا کورت بکەینەوە:

1. پرۆسێسەی کاریگەری و کارتێکردن پرۆسێسەی گەشەی ئەدەبی کاراتر دەکەن.
2. گەشەی ئەدەبی بە شێوە سروشتییەکەی ناکاملە، بەڵکوو قۆناغی گواستنەوەی ئەدەبین لە نێوان سەردەمەکان، هەر قۆناغێکیش گرینگیی خۆی هەیە.
3. هۆکارە دەروونی و هونەرییەکان ڕۆڵیان لە گەشەی ئەدەبیدا هەیە، هۆکارگەلی ژینگەیی، کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری و ئابووری کۆمەکی باشیان دەکەن.
4. گەشەی ئەدەبی هەمیشە فۆرم و ناوەڕۆکی ئەدەب دەپارێزێت.
5. گەشەی ئەدەبی قەت بە ڕەهایی ڕوو نادات، بەڵکوو هەمیشە شتی دیکەی تێکەڵ دەبێت، هاوکات خودی خۆی دەپارێزێت.



**سەرچاوەکان:**


**1. بوزونيه (عبدالرحمن)، 1979، ظاهرة التطور الادبي بين النظرية والتطبيق، الشركة الوطنية للنشر والتوزيع، الجزائر.**
**2. تليمه (عبدالمنعم)، 1976، مقدمة في نظرية الادب، دار الثقافة للطباعة والنشر، مصر.**
**3. مونرو (توماس)، 1971، التطور في الفنون وبعض نظريات اخرى في تاريخ الثقافة، ت: محمد ابو دره وآخرون، الهيئة المصرية العامة للتاليف والنشر.**
**4. ويليك و وارين (رينيه و اوستن)، 1987، نظرية الادب، ت: محيالدين صبحي، ط3، الموسسة العربية للدراسات والنشر، لبنان.**
**5. وغليسي (يوسف)، 2007، مناهج النقد الادبي، جسور للنشر والتوزيع، الجزائر.**


---



# بیۆسیاسی

■ **شاهۆ عوسمان**

لە کۆنەوە سیاسەت لە دوو چەمکدا خۆی دەنوێنێت، ئەوانیش هەر یەکە لە چەمکی پۆلیس (Polis) و چەمکی پۆلیتیکا (Plitica)ن. کە دەڵێین لە کۆنەوە، واتە لە سەردەمی گریکەوە. لای پلاتۆ سیاسەت بریتی بووە لە پۆلیس، بەڵام لای ئەریستۆ پۆلیتیکا بووە. بەپێی جیاوازیی چەمکەکان، مرۆڤ یان ژیانی مرۆیی بە هەمان شێوە دوو چەمکی جیاواز وەردەگرێت لەوانە: زۆی (Zoe) و بیۆس (Bios). هەردوو چەمکی (زۆی) و (بیۆس) لە گریکی کۆندا بە مانای مرۆڤ و ژیانی مرۆیی هاتوون، بەڵام جیاوازیی ئەم دوو جۆرە لە ژیان دەکەوێتە ناو جیاوازیی دوو جۆر لە سیاسەتکردنەوە کە ئەوانیش: پۆلیس و پۆلیتیکان. (زۆی) جۆری ژیانە ئاسایی و ساناکەیە وەک ژیانی هەر بوونەوەرێک لەم سەرزەوییەدا (مرۆڤەکان، ئاژەڵەکان و هەر زیندەوەرێکی دیکە)، بەڵام لە بەرامبەردا (بیۆس) ئاماژەیە بۆ جۆرێک یان ڕێگەیەک لە ڕێگەکانی ژیان، لەوانە (ژیانی کولتووری، سیاسی یان کۆمەڵایەتی). مرۆڤ لەم جۆرە لە ژیاندا فۆرمێکی جیاواز لەهەر مرۆڤێکی ئاسایی دیکە وەردەگرێت. بۆ نموونە ئەریستۆ لە کتێبی (ئەخلاقی نیکۆماخۆس)دا باس لە (بیۆتیۆری و بیۆسیاسی) دەکات، نەک بە مانای ژیانێکی ئاسایی لە نێوان مرۆڤەکاندا، بەڵکو بە مانای چۆنێتییەک لە ژیان، ئەوەی کە مرۆڤ لەناو بارودۆخێکدا بژی نەک لە دەرەوەی هەر بارودۆخێک.

ژیانی مرۆیی وەک (زۆی) ژیانێکی سروشتییە و دەکەوێتە ناو دەوڵەتشارەوە، واتە دەکەوێتە ناو پۆلیسەوە بە مانا یۆنانییەکەی. هەربۆیە قەڵەقی ئەم جۆرە مرۆڤە دڵەڕاوکێیەکە لەپێناو زاوزێ و مانەوە لە ژیاندا و بە هیچ شێوەیەک قەڵەق نییە بەرامبەر بە ئەرکە پۆلیتیکییەکەی، بەڵکو ئەرکی سەرەکی خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە بژێوی دابین بکات و خێزان پێکبهێنێ. لێرەدا پۆلیس وەک جۆرێک لە بەڕێوەبردنی شار ئەوەندە سەروکاری مرۆڤ دەکات تا ئەو کاتەی بابەتێکە پەیوەست بە مافەکانییەوە، تا ئەو کاتەی هاووڵاتییەکە لەناو دەوڵەتشارەکەدا.

جیاوازیی نێوان (بیۆس) و (زۆی) جیاوازییە لە نێوان بابەتی ماف و ژیانێکی ڕووتدا. ژینی ڕووت ئەو چەمکەیە کە (جۆرجیۆ ئاگامبین) لەبەرامبەر چەمکی (بیۆس)ی گریکیدا بەکاریدەهێنێ. بیۆسیاسی لای ئاگامبین بوونێکی سیاسییە لەناو ژینێکی ناپۆشتەدا. جارێکی دیکە ئەم چەمکە لای فۆکۆ لە کتێبی (ویستی فێربوون، سێکسوالێتێت و حەقیقەت، چاپی 1993،ل 138) فۆرمێکی دیکە وەردەگرێت و ئەو دەڵێت: (مرۆڤ دوای هەزاران ساڵ هەر بەو شێوەیە ماوەتەوە، وەک ئەوەی ئەریستۆ لەبارەیەوە گوتوویەتی: مرۆڤ ئاژەڵێکی زیندووە کە توانای ئەوەی هەیە بوونێکی سیاسیشی هەبێت. مرۆڤی مۆدێرن بە ڕاستی ئاژەڵێکە، لە ژیانی سیاسیدا وەک هەر گیاندارێکی دیکە یاری پێدەکرێت). لێرەدا فۆکۆ دەیەوێت ئەوەمان پێبڵێت کە مۆدێرنە بیۆسیاسی وەک دیاردەیەک بە ئێمە دەناسێنێت. لەناو ئەم بیۆسیاسییەدا ئەوەی سیاسەت لەلای خۆی بە ستراتیژی وەریدەگرێت، بریتییە لە ژیانی بیۆلۆژیانەی مرۆڤ. بیۆسیاسی گرنگی بە مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی سروشتی نادات، بەڵکو گرنگی بە مرۆڤ وەک بیۆمرۆڤێک دەدات، وەک ئەوەی تەنێکی هەناسەدەر بێت، بەڵام لەپاڵ ئەمەدا ئاگامبین پێی وانییە لە مۆدێرنەدا بیۆسیاسی یەکێک بێت لە دیاردەکان، بەڵکو سیاسەت تەنها بیۆسیاسەتە نەک شتێکی دیکە. هەربۆیە جەوهەری سیاسەت لە کۆنەوە تا ئێستا لەوەدا کورت دەبێتەوە کە خۆخەریککردنە بەو شتەوەی پێی دەگوترێ (ژیانی ڕووت).

**مەبەست چییە لە ژیانی ڕووت؟**

ئەمجۆرە لە سیاسەت کە مامەڵە لەگەڵ ژیانی ڕووتی مرۆڤەکاندا دەکات، بە چ واتایەک دێت؟ ئایا ئەوە ژیانەکەیە ڕووت دەبێتەوە یان مرۆڤەکە؟ کە ئەو دەڵێت: سیاسەت مامەڵەیە لەگەڵ ژیانی ڕووتی مرۆڤدا، کەواتە ڕووتییەکە لێرەدا دەبێتە خەسڵەت بۆ ژیان، سیاسەت مامەڵە لەگەڵ تەواوی ژیانی مرۆڤەکاندا ناکات، بەڵکو مامەڵە لەگەڵ جوغزێکی تایبەتی ژیانی مرۆڤەکاندا دەکات کە جوغزی ڕووتیی ژیانیانە. ئەو بەشەی ژیانی مرۆییە کە ڕووت بووەتەوە. ئەگەر لێرەدا لەوە بپرسینەوە کە ڕووتبوونەوە بە مانای چی دێت، یان ئەو جێیەی ژیانی مرۆیی کە ڕووت بووەتەوە و سیاسەت مامەڵەی لەگەڵدا دەکات کوێیە؟ ئاگامبین وەک ئەوەی پێشتر دوو جۆرە لە دەرکەوتەی مرۆڤی جیاکردەوە، یەکێکیان مرۆڤێکی سروشتییە و مامەڵەی لەگەڵ ژیاندا مامەڵەیەکی سروشتییە و بژێوی و ماڵدروستکردن و خێزانداری جێی بایەخی سەرەکییەتی. بەڵام لە پاڵ ئەمەدا ئەو مرۆڤەی دیکە کە ئەم ئاستە تێدەپەڕێنێت و دەچێتە ناو جۆرێکی دیکە لە گرنگیدانەوە بە خۆی و بە ژیان، واتە خۆی لە بەرگە سروشتییەکەی داماڵیوە، داماڵین بەمانای ئەوەنا کە هیچ گرنگییەک بە ژیانە سروشتییەکەی نادات، بەڵکو بە مانای ئەوەی کە جێی بایەخی گەورەی ئەو نییە. ئەم جۆرە لە مرۆڤ بایەخی ژیان تەنها لە ژیانە سروشتییەکەدا نابینێتەوە، بەڵکو بانسروشتی دەبێتەوە و بایەخێکی دیکە بە ژیان دەدات کە تەواوی ژیانە سروشتییەکەش دەخاتە ژێر بایەخە بانسروشتییەکەی. هەربۆیە کاتێک مرۆڤ لە بوونە سروشتییەکەی دەردەچێت و ڕووت دەبێتەوە، ئەوکاتە دەکەوێتە بەر بایەخی سیاسەت و دەبێت لە ڕێگەی یاساوە کۆنترۆڵ بکرێت. کەواتە مرۆڤ یان مرۆڤێکی سروشتییە یان مرۆڤێکی سیاسییە بە مانای بیۆسیاسی. کاتێک مرۆڤ ئەو گۆڕانکارییەی بەسەردا دێت و دەبێتە بیۆمرۆڤ و دەکەوێتە ناو بیۆسیاسەتەوە، ئەو کات لە هەموو بەها سروشتییەکان دادەماڵرێت و ئەو پەیوەندییەی کە دروست دەبێت لە نێوان مرۆڤەکاندا، پەیوەندییەکە لەسەر بنەمای پارادۆکس (لێکدژی) دروست دەبێت. مرۆڤ لەناو دۆخی بیۆسیاسیدا لۆژیکی ئاوارتە (ئیستیسنا) حوکمی دەکات. کە لۆژیکی ئاوارتە حوکمی مرۆڤەکانی کرد، ئەو بارودۆخە دێتە پێشەوە کە سیاسەت کاتیگۆرییەکانی خۆی بگۆڕێت بۆ مرۆڤی پیرۆز، مرۆڤی مەترسیدار، کەمپی نیشتەجێبوون.

لە نێوان مرۆڤی سروشتی کە سیاسەت هیچ مامەڵەیەکی لەگەڵدا ناکات و بیۆمرۆڤ کە جێی سەرنجی سیاسەتە، دوو جۆر لە یاساش دەبێت. یاسای سروشتی و یاسای سیاسی، یاسای سیاسی بەردەوام مرۆڤی مەترسیدار بەرهەم دەهێنێتەوە. ئەم مرۆڤە مەترسیدارە ئەوە نییە کە دەکەوێتە دەرەوەی یاساوە، بەڵکو ئەو مرۆڤەیە کە بەهۆی پەیڕەوی لە پرەنسیپەکانی بیۆسیاسی، هیچ مامەڵەیەکی یاسایی لەگەڵدا ناکرێت. لای ئاگامبین بەرهەمهێنانی ژیانی ڕووت لە ڕێگەی دۆخی ئاوارتەوە دەگاتە ئەو ڕادەیەی لە سەدەی بیستدا ئەو شتە دروستبکرێت کە پێی دەڵێت (کەمپی نیشتەجێبوون)، هەڵبەتە ئەم کەمپانە لەپێناو ئەوەدا نەبوون کە مرۆڤ مافە سروشتییەکانی خۆی بۆ بگەڕێتەوە، بەڵکو لە پێناو ئەوەدا بووە کە مرۆڤ لە چەمکی دۆست و دوژمنەوە بگۆڕێت بۆ مرۆڤ لە دۆخی ئاوارتەدا کە لەم دۆخەدا مرۆڤ هیچکام لە مافە سروشتی و مافە مەدەنییەکانی نابێت. کەمپەکان ئیتر ئەو شوێنانە دەبن کە هانا ئارێنت ناویان دەنێت (ئەو شوێنەی هەموو شتێک تێیدا مومکینە).

# زەندیقێ بقر ددەستێ دا

## یان – عەزرایا گەلیێ مەعریفەتێ

ئەمین بۆتانی



زەندیقێ بقر ددەستیدا
فقهەکا زیڤال زیڤال دکەتە پێت خۆ،
مەمکێ دایکا خۆ دبڕیت و
بەردبیتە روحا دار و دیوارا،
کرۆسکەکی ل بەتەنا و
بهۆستەکا عەسمانی بۆ تەیر و تەوالا ناهێلیت.
ژێرە و پاشقە
ئەستێرەک نابرسقیت و
رووبارەک
گلیزانکێت هشکاتیێ ڤەناکەت،
کچێت شەنگالێ ژێ
هەتا هەتا دێ خۆدیکێ ل خۆ حەرام کەن.
شێخ مەندۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆ
پیر رەشۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆ
مالا مەعریفەتێ خەرا بووو!،
"شەرفەدینە شەرفەدینە
ئاڤانیا هەمووان ئیمانە
ئاڤانیا مە یەک ئەڤینە
عەینی هەوار و برینە.
شەرفەدینۆۆۆۆۆۆۆۆ
ئەڤ هەمی نهۆماتە برڕخ تەڤە دەربازبوون
ڤەی ئاڤانیا هەمووان یەک بو!،
مرنا سست ل ژێر و
ئیمانا قاییم ل ژۆر،
روومەتا هەمووکا سپی و
خوونا هەمووکا سۆر!".

زەندیقێ بقر ددەستیدا
دادکەڤیتە ناڤ دارستانا شەریعەتێ،
دناڤ هەمی ریوایەتان پەیاسا دکەت و
پێغەمبەرەک نیە بێژتێ:
هەی پیسێ پیس
خۆ نێزیکی تخوبێت پاکژییێ نەکە.

زەندیقێ بقر ددەستی دا
دناڤ کۆلانێت بەغدا
رەزکێت حەللاجی دسوژیت و
عەبباسی چاڤا پان دکەن.
زەندیقێ بقر ددەستی دا
دناڤ کۆلانێت شامێ
ب رەخ ئەمەوی یارا دبهووریت،
ب کەیفا دلێ خۆ
تالانا جەبر و ئختیارێ رادکەت و
مەملەکەتا عیففەتێ تژی فجوور دکەت.
غیرەت ناهێتە چۆکێت خەلیفەی
مەعریفەت سەرخۆش دبیت و
دلێ وی دچیتە هژیرا کەرسێ.
هۆۆۆۆی مەلکێ فەخرا
ئەو چ دویکێلە بەربوویە کاروانییا ؟!
چ ئاڤەدانی بەربوویە قەبرا و
چ چۆل و هۆلییە بەربوویە خانییا!!.
زەندیقێ بقر ددەستی دا
تایکێت عەقل و نەقلا دبڕیت و
دهینتە دەر هەمی قرۆمکێت تەفسیرێ،
مەتنەکێ ناهێلیت دووری کەربێ
مەتنەکێ ناهێلیت نێزیکی ئەڤینێ،
دکەت ... ناکەت
زەندیق ناگەهتە شریناهی یا یەقینێ،
نەهەرێ ێ ێ ێ.....
زەندیق بیابانا گومانێ دهێلیت و
بەرێ خۆ ددەتە چیا و زنارێت ئیمانێ.
ل حیجاز و شامێ
کتێب و کنجرکێت خۆ هەلدگریت و
بەرێ خۆ ددەتە ئێزدیخانێ!!
شەرفەدین میرە ل دیوانێ..

زەندیقێ بقر ددەستی دا
لپێش چاڤێت ئەتابکیا
ل پێش چاڤێت فاتمیا
زاهرییا و باتنییا
خەوارجا، عەددەمییا و سەرمەدییا،
رەفەکا کچێت سەمەرقەندێ
ب چل و چار قۆناغان دگەهینتە ئەندەلوسێ،
ژ یەمەن و ژ عەدەن و ژ عومانێ
تیر و کڤان و مەرجانا
ب قەچاغی دگەهینتە هەمەدانێ.
ئەوی بۆ حەججاجی
هەفت کاروانێت حێشترا
تژی بخوور و کەڤلێت خەزالا،
چاردە کاروانێت حێشترا
تژی جوزیکێت فەتوایێ؛
بیست و ئێک بارێت حێشترا
تژی کوربیێت دووپیشکا و ئەزمانێت مارا،
ب چاڤنقاندنەکێ ژ کوفە و کەربەلایێ تینیت و
بەری هەمی سالیسک و توجارا
خۆ دگەهینتە خوارزم و بوخارا.

ئەو زەندیقێ نازاندی
لپێش چاڤێت هەر چار خەلیفا
هەزار کرێتی ب فلسەکێ!!.
" ئەلجەبەل ئەلجەبەل "!
خەرزێت زەندیقا
دادبارنە سەر بیلادولجەبەل!
خورجەزینێت خۆ
ژ کلیزێت سوراقای و کەربێت مەئموونی تژی دکەن و
تەکبیرا وان ل گەرمیان و
ل هەلەبجە و ل بارزان و بالیسان و
ل سەردەشت و مهاباد و ل قامشلۆ
ل دێرسمێ و ئالەقەمشێ
خۆرت و دەکا و سۆریا و بازێ دەنگ ڤەددەت.
زەندیق یێ هاتیە غەزایێ؛؛؛
زەندیق یێ هاتیە غەزایێ...
زەندیقێ بقر ددەستی دا
بەرزەبوویە دناڤبەرا
رۆناهییا مەزهەری و تاری گەورکێت فەحوایێ.
بەرزەبوویە دناڤبەرا
جوانییا خەراباتێ و کەشەفرێتییا مەئوایێ.
یێ بەرزەبووی دناڤبەرا
گولێت ئیمانێ و درکێت تەقوایێ.

زەندیقێ بقر ددەستی دا
سێ رۆژان دەلیڤێ ددەتە قەووالەکی
هەمی سەبەقێت عەشقێ ژبیرا خۆ ب بەت،
سێ رۆژان دەلیڤێ ددەتە پیرەکی
حاشایێ ژ خۆرتانی یا ژینێ بکەت،
سێ رۆژان دەلیڤێ ددەتە چیای
بلنداهیێن خۆ رادەستی نەوالان بکەت،
سێ رۆژان دەلیڤێ ددەتە دەف و شبابان
سەمایێ ژ بەژن و بالا خەلیقەتێ ڤەکەن.

هەوار و نالا قەووالی
جەزبە گەهاندە کەندالی:
ئەز قەووالم ئەز قائیلم
بۆ رەببێ ژۆری مائیلم،
سەبەقێت من سابیقەنە
سرا وجوود و سجوود و
سرا خلوودێ تێڤەنە،
سێ رۆژ بۆ تە ببیە عاشق
بزانبی فەیز و حلوول،
تە بڤێت نەمینی مارق
تا ئەبەد ئەبتەر و مەلوول،
ڤەگەڕە قەول و قریارێ
وەرە سەر ئۆلا برپارێ،
وەریس لجەم تە بوویە مارە
ل مەعنەیان چ زێمارە!!.

هۆۆۆۆی مەلکێ فەخرا
ئەو چ دویکێلە بەربوویە کاروانییا؟!
ئەڤ ئاڤە رێتییە ژمێژە؛
حەیف و سەد حەیف
قۆناغا خوینێ درێژە!.

پیرێ زەبوون لێ بو هەوار:
هەتا پیربووم
من یەقین دایە ئیمانێ
من ئیمان دایە وژدانێ،
ئەڤە چ کوفر و نیفاقە
ل سەر و دلان مەراقە؟!،
داوی بینە ڤێ قسسەتێ
ڤەگەڕە ئۆلا مەحبەتێ.

هێ ێ ێ ێ ی بیاباااان ن...
ئەز چیامە...
ئەڤ چەند سالن
دەشت و نەوالان خرڤە دکەم،
کەڤر کەڤر
گرک و ملان دجەمینم،
ئەز چیامە ئەز مەزنم.
بلنداهییان
ژچاڤێت باز و ئەلهۆیان دپارزنم.
ژ گوهانێت ئاخێ
شیرێ جەسارەتێ د دۆشم،
پێشمەرگە هێڤێنێ منە،
تو نکاری
ئیمانا منا بەژندار بچەمینی.
ل سەمایا زوهد و زاتێ من گوهدار بە
گەر تە بڤێت موهرا خەلاسێ ببینی.

زەندیقێ بقر ددەستی دا
سێ رۆژان دەلیڤێ ددەتە کەوا
قەبینا خۆ ڤەزڤڕیننە ناڤ رکەهێت بێدەنگیێ،
سێ رۆژان دەلیڤێ ددەتە ماسی یا
ب چ رەنگێ هەبیت سیپەلا ژهناڤێت خۆ دەرێخن،
سێ رۆژان دەلیڤێ ددەتە مێشێن هنگڤینێ
تاما گولستانا ب تەشیێت زەقنەبووتێ بڕێسن،
سێ رۆژان دەلیڤێ ددەتە ئازادیێ
خۆ ژ خەون و خەیالا کوردان دویر بێخیت
کەوێت شەنگالێ د قەبن
کەوێت شەنگالێ د قەبن؛
کوڕێت بابا
ب سێ دەنگا دکرن گازی
دگۆتن داودێ داود؛ مەحمودێ برا
سمێر و شەشۆ لمە فەرمانە،
بسەر مەدا هاتییە
لەشکەر و لێمشتەکێ پووچی گرانە،
مێرێت مەیدانێ،
لسەر وان ڤەکەن
ئاگرێ سێ تیرا و شەش خانێ،
رۆژ رۆژا نامووسێ یە
خەبەر بدەنە کوردستانێ
برا قەوی کەن ئیمانێ
شەرفەدین میرە لدیوانێ.
دەستا بهەلینن برانۆ
ڤەکەن تۆلا ئێزدیخانێ.
ماسی هەوارا خۆ دبەنە بەر یوونسا
یوونس هەوارا خۆ دبەنە بەر ماسییا،
هەوارە نووحێ گەمییا
هەوار رەشمارێ گەلییا،
ئەو چ ئاڤە هۆگری سیپەلا نابیت؟!
ئەو چ راڤە هۆگری مەخەلا نابیت؟!
ئەو چ بەزە نابە هۆگرێ پەلدانا؟!
ئەو چ رەزە مەستیێ نادەت خودانا؟!.
"تو ئینسان بە
ببە ئینسان".
ڤەگەڕە سەر دینێ ئاڤێ،
ئو تەفسیرەکێ ڤەبینە
بۆ هشکاتی و قرقچینا سیپەلێن گەش
بۆ تلسما وان هناڤێن سۆهتی و رەش.
" ئەلجەبەل ئەلجەبەل "
شرینرێسا بخەت و خالێ
مێش هنگڤێ کۆنتارا چیایێ شەنگالێ،
دۆبیا ئیمانێ لێ دباریت:
"ببە ئینسان
تو ئینسان بە"،
جارەک وەرە
تام بکە ڤێ حەقیقەتێ،
خۆ موحتاجی شەکرێ بکە
ڤەگەڕە بۆ ئۆلا شرین.
مەسحەفێت باغا شەهید بوون،
تە جەسەدێ خڕ ئایەتان کرە برین.

" ئەلجەبەل ئەلجەبەل "
هەنیئەن لەکی یا بیلادولجەبەل
هەنیئەن لەکە ئەڤ ئازادییە یا جەبەل.
هێ ێ ێ ی مارقۆ
من و کوردا چیرۆکەکا درێژ هەیە؛
سێ هەزار رۆژ بۆ تە فرسەت
ژحەرفێن ئازادیێ بگەهی،
سێ هەزار شەڤ بۆ تە فرسەت
ژئێشا تاریستانێ بگەهی،
تەمەت ژییێ ئازادیێ
بۆ تە دەرفەت و مەجالە
ژێک ڤاڤێرکەی قیل و قالە
حاسلکەی عەقل و کەمالە.

" ئەلجەبەل ئەلجەبەل "
زارۆکەکێ تێهنیێ شەنگالێ دگۆتە تێهنیبوونێ:
ڤەخوونە سوورەتا ئاڤێ،
دگۆتە سەرابا بنێ بەرپیێ:
ڤەگەڕە سەر دینێ رحانا،
دگۆتە غوبارا ترسێ:
ڤەگەڕە سەر دینێ پەرجانا،
لدوماهیێ
ئاڤ ب برینداری
دکەڤیتە دەستێ خەندقینێ،
تەرمێ سەرابێ
دکەڤیتە دەستێ بەندەواریێ و
غوبارژێ ئێخسیرێ بەر لەپێت رەڤینێ!.

زارۆکەکێ تێهنیێ شەنگالێ
سێ قورتێن ئاڤێ دەلیڤێ ددەتە زەندیقێ:
"ئینسان بە
تو ببە ئینسان".
سۆند ب سێ کانی یا
کانی یا سێ روحێن سەرفراز
روحا سێ خاسێن بێ مراز،
هەتا سێ قورتێن دی
تو مرۆڤبوونا خۆ رانەگەهینی،
دێ تە هاڤێژمە ناڤ پێلێن فەتسینێ
هەتا هەتا چپکێن تەڕاتیێ ناس نەکەی.
" سەربهوردا نوتفێ
وەها لسەر کلێژیا بەلگەکێ هاتبو نەخشاندن".
"ئەلجەبەل ئەلجەبەل"
زارۆکەکێ برچیێ شەنگالێ دگۆتە برچیبوونێ:
ڤەگەڕە سەر دینێ نانی،
ڤەگەڕە سەر دینێ تێرییێ.
دگۆتە خڕ ڤالاهیا
ڤەگەڕنە سەر دینێ پڕییێ.
لدوماهیێ
سەوکێت نانی ب ئێخسیری
دکەڤنە ناڤ تەنوورا برچێ،
و تێری دحەلیێت
وەک هنگڤێ دەڤێ هرچێ!.
زارۆیەکێ برچیێ شەنگالێ
سێ پاروی یێن نانی دەلیڤێ ددەتە زەندیقێ:
"تو ئینسان بە
ببە ئینسان".
سۆند ب سێ نانا
نانێ سێ شڤانا
شڤانێ سێ کەرییێن بەرانا
هەتا سێ پاروی یێن دی
تو ئینسانبوونا خۆ رانەگەهینی،
دێ تە هاڤێژمە ناڤ بێهنا تەنوورەکێ
هەتا هەتا تاما براژتنێ بیرا تە نەهێت.
"سەربهوردا گەنمی
وەها لسەر کەڤرەکی هاتبو نکراندن".
زەندیقۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆ
پیسۆ مارقۆۆۆۆۆۆۆ
تو دخوازی ب ناموسا مە
ئیمانا خۆیا درڕای ڤەدوری؟!،
تو دخوازی ب کوشتنا مە
ئیمانا خۆیا برچی تێر بکەی؟!.
دەستێ خۆ ژڤێ کەسابەتا حەرام راکە
ئەڤ روومەت و ئەنیا بلند
مە ژپشتا تەهارەتێ دۆتییە،
هۆۆۆی نەیارێ ئازادیێ
دربا مە گرانە پێگۆتییە.
"ئەلجەبەل ئەلجەبەل"
هۆۆۆۆۆی زەندیقۆ
"هیدایەت" وەسا دخوازیت
ب بلوورا پۆشمانیێ
گورێت قوبحەتا خۆ
ل دەرڤەی بێهنا خوونێ مەخەل بکەی.
هۆۆۆۆۆی زەندیقۆۆۆ
"بیدایەت" وەسا دخوازیت
ڤێ غارغارا خۆیا چڤێل
دناڤ پاخلا زڤڕینێدا ڤەشێری.
"نیهایەت" ژی وەسا دخوازیت
بەلا خۆ ژئازادییا کوردان ڤەکەی؛
ئێدی شوین پێێت خۆ
لسەر دیوارێن هەرڤتنێ بنەخشینی.
شەنگال ژی
پەنجەرکێن خەونەکا مەزنتر ئاڤا بکەت...

16ی تەباخا 2014

